# چەند هەفتەیەك بەر لە مردن !

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



( تیم ئیلسۆن ) تەمەنی 29 ساڵە و خاوەنی 3 منداڵە ، منداڵەکانی لە لای ژنە کۆنەکەی دەژین . تیم ماڵەکەی شوقەیەکی دوو ژوورە لە عیمارەیەك لە باکوری شاری تۆرنتۆی کەنەدا. بۆ دابین کردنی کرێ ی ئەو شوقانە خەڵك ناچارە لە گەڵ خەڵکی تردا پێکەوە بژین ، هەموو ئەو شتانە نۆرماڵ بە ڕێوە دەچوو ، تا ئەو ساتەی کە تیم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە ( سەرەتان ) بوو ، ئەم جۆرەی ئەو تووشی بوو بە خێرایەکی زۆر ئازای گیانی گرتەوە ، دکتۆرەکەی کە سەرپەرشتی حاڵەتەکەی دەکا دەڵێ (( چەند هەفتەیەکی تر لەوانەیە کەمتر، تیم دەمرێ )) تیم پاش دڵنیا بوون لەو چارەنووسە تەنیا دەیویست بە هێمنی لە ماڵەکەی خۆی بمرێ ، تاقە هیوایەك کە ئەو دەیویست بێتە دی بینینی مناڵەکانی بوو ، کە تا نووسینی ئەم دێرانەش نازانن باوکیان بەم زووانە دەمرێ .

شەمەی ڕابردوو دووا مۆڵەت بوو ، کە خاوەنی ئەم عیمارەیە کە ناوی ( مارشا سویتزیرە ) لە سەر کێشەو بیانووی کرێ هەموو شتێکی حازر کردبوو کە ئەگەر بە ڕووکەشیش بێ لە ڕووی یاساییەوە تیم لەو شوقەیە بکاتە دەرەوە .

مارشا بێجگە لەوعیمارەیە ، هەر لە شاری تۆرنتۆ خاوەنی یانزە ی تریشە ، ئەو عیمارەیە لە ساڵی پار بە 815000$ کڕیویەتی . پاش ئەوەی تیم بەرەو ڕووی دەرکردن بۆوە ، تاقە ڕێگایەك کە پەنای بۆ برد داوای سەپۆرت کردن بوو لە ڕای گشتی کەنەدی ، ئەمەش لە ڕێگای ڕۆژنامەی THE GLOB AND MAIL هاتە دی ، ئەو زۆر بە کورتی لە ڕۆژنامەکە ووتی : (( نازانم ڕوو لە کوێ بکەم ؟ هیچ شوێنێك شك نابەم بۆی بچم ؟؟ ))

ڕۆژنامەکەبە بلاوکردنەوەی کەیسەکەی تیم توانی سەپۆرتێکی بێ وێنە لە هاوسۆزی خوێنەران لەم سەر تا ئەو سەری کەنەدا بۆ تیم دابین بکا، چەندین کەس ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ژووری تایبەت لە ماڵەکانی خۆیان بۆ ئەو تەرخان بکەن ، چەندین کەس بە ئیمێڵ و تەلەفۆن بۆ ڕۆژنامەکە ئامادەیی خۆیان دەربڕی و داوایان کردبوو کە تەنیا پێیان بڵێن چی بکەن تا بیکەن .

تیم پێش ئەوەی نەخۆشی زەفەری پێ ببا ، شوفێری تراك بووەو قەرزاری کەس نەبووە و هەفتانە 1500$ دۆلاری پەیدا کردووە ، کێشەیەکی نەبووە لە گەڵ دانی کرێدا ، ئێستاش ئەوانەی پارێزگاری لێ دەکەن بە وورد بوونەوە لە کێشەکە وا کار بۆ ئەو دەکەن و لەو باوەڕەن کە مارشا قەرزاری تیم دەبێتەوە ! ، لە شاری تۆرنتۆ تەنیا لە ساڵی پاردا ، دام و دەزگا یاساییەکانی تایبەت بە خاوەن موڵك و کرێچیەتی ، بۆ دەرکردنی کرێچی ، 8,500 بڕیاریان بە بەرژوەندی خاوەن موڵکەکان دەرکردووە .